ئێران شۆنگرێوێی فەرماندەی سوپای پاسداران و سوپاسالاری دیاریکرد

پاش هەرشەکەی ئیسرائیل بە سەر ئێران و کوژرانی فەرماندەی سوپای پاسداران و سوپاسالاری ئێو وەاتە، ئێران دوو فەرماندەی دیکەی لە شوێنی ئێوان دانایەو.

ئەمە هەینی ، میدیای ئێران بڵاوی کردەو، ئەحمەد وەحیدی وەک فەرماندەی سوپای پاسداران لە شوێنی حوسێن سەلامی داندرایەو پاش ئەوەی ئەمە بەربەیان لەلایەن ئیسرائیلەو کوژرا.

ئەحمەد وەحیدی پێشتر فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێران بووە، کەسایەتییەکی هەرە دیاری دامەزراوە ئەمنییەکانی ئێران و شارەزایەکی زۆری لەبوارەکەی خێدا هەیە.

میدیاکانی ئێران ئاماژەیان بەوەش کردووە، هابەری کەماری ئیسلامی ئێران عەلی خامنەیی فەرمانی کردووە، ئەدمیرال حەبیبوللا سیاری وەک سوپاسالار دیاریی بکرێت لە شوێنی سوپاسالاری پێشوو محەمەد باقری کە بەربەیانی ئەمە هەینی لەلایەن ئیسرائیلەو کوژرا.

بەرەبەیانی ئەمە هەینی ، ئاژانسی هەواڵی تەسنیم، بڵاوی کردەوە، بارەگای سوپای پاسداران لە تاران لەلایەن ئیسرائیلەوە بە چەندین مووشەک بەردومان کرا.

ئاژانسەکە باسی لەوەشکرد، حوسەین سەلامی، فەرماندەی سوپای پاسداران، محەممەد باقری، سوپاسالاری ئێران، محەممەد تەهرانچی, سەرەکی زانکۆی ئازادی ئیسلامی و فەریدون عەباسی، زانای بواری ئەتۆم، لە ئەنجامی هەرشەکانی ئیسرائیلەوە کوژران.